# دوو ئامۆژگاری بۆ زانستخوازان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئیمام ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی قودامەی

المقدسي

وەرگێڕانی: زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ نصيحتان لطلبة العلم ﴾

« باللغة الكردية »

أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي

ترجمة: زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دوو ئامۆژگاری بۆ زانستخوازان

**ئامۆژگاری یەکەم :**

ابن قدامة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئامۆژگاری زانستخوازان دەکات و دەڵێت :

بزانە زانستە بەقەدرو چاکەکان دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** هەتا دواین پلە بەقەدر وڕێزە، هەتا زۆر تربێت چاکتر وباشترەکە بریتیە لە ناسینی خودای مەزن وسیفەتەکانی وکردارەکانی ولە کارزانی خودا ،لە ڕێکخستنی ڕۆژی دوایی لە سەر دونیا ، ئەم زانستە خۆی لە خۆیدا پێویستە وبە هۆی ئەو زانستەوە بەختەوەری ڕۆژی دوایی بە دەست دێت، ئەو دەریایەیە کە قوڵایەکەی نازانرێت وبنی نیە، هەرکەس بە پێی توانای خۆی بە دەوریدا خول دەخوات هەتا پێی بکرێت.

**بەشی دووەم:** ئەو زانستانەن کە بە ئەندازەیەکی تایبەتی نەبێ قەدرو ڕێزیان نیە، بریتیە لە وزانستانەی کە فەرزی کیفایەن کە باسمان کردون، کەواتە تۆ یەکێك بە لەم پیاوانە: یان سەرقاڵی خۆت بە، یا خۆت یەکلا بکەرەوە دوای تەواو کردن ولێبونەوە لە خۆت بۆ خەڵکی تر، بەڵام نەکی خۆت خەریك بکەی بە چاکسازی غەیری خۆتەوە وخۆت لە بیر بکەی، سەرقاڵی پاك کردنەوەی دەروونی خۆتبە وپاکی بکەرەوە لە ڕەوشتە خراپ وبەدەکان، وەك چاوچنۆکی و ڕژدی وئیرەیی وڕیاکردن وخۆپەسەندی پێش چاکسازیکردن وجوانکردنی ڕووی دەرەوەت، بەم شێوەیە بە پشتیوانی خوای مەزن لە بەشی ڕەوشتە لە ناوبەرەکاندا _ المهلكات _ باسی دێت، ئەگەر خۆت یەکلایی نەکردەوە لەوەدا خۆت خەریك مەکە بە فەرزە کیفایەتەکاندا، چونکە خەڵکی تر زۆرن هەڵسن بەو کارانە، بێگومان کەسێك خۆی لەیاد بکات لەبەر چاکسازی و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی تر ئەوە بزانە گەوجی وبێ ئاوەزاییە، وێنەی ئەو کەسە وەك وێنەی کەسێکە دووپشك چووەتە ناو پۆشاکەکەی خۆی کەچی ئەو

مێش له خەڵکی تر دەردەکا ودووردەخاتەوه، ئەگەر خۆتت تەواو کردو پاکت کردەوه، دوای ئەوه خەریکی فەرزی کیفایه به و پەلەی تیامەکه و لەسەر خۆت بڕۆ ، یەکەم جار له کتێبەکەی خوداوه دەست پێبکه که قورئانه، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) پاشان بەزانستەکانی _ علوم _ قورئان : له تەفسیر وناسیخ ومەنسوخ موحکەم وموتەشابیه _ المحكم والتشابه _ له سونەتیشدا هەربەو جۆره، پاشان خۆت خەريك بكه به لقاكانەوه _الفروع _ دواتریش ئوسوڵی فیقه، پاشان زانستەکانی تر چەندێك تەمەن ماوەبدات وکات یارمەتیت بدات، تەمەنت لەیەك هونەردا تەواو مەکه، بۆ تەواو ڕۆچون تێیدا، چونکه زانستەکان زۆرن وتەمەن کورته، ئەم زانستانەش ئامێرێکن مەبەست پێی خۆیان نییه، بێگومان هەمووشتێك به ئامڕازی خۆی هەیه، نابێت ئەوەی که پێویسته تێیدا له بیربکرێت.

**ئامۆژگاری دووەم : دەربارەی زانایەك زانستەكەی سوودی پێ نەگەیاندبێت :**

بزانە ئەو ڕوبەڕ وبونەوە كە دانراوە بەمەبەستی زاڵ بوون وخۆ هەڵكێشان سەر چاوەی ڕەوشتی خراپ وناشیرینە، خاوەنەكەی لە فیززلی بێبەش نابێت، لەبەكەم سەیركردنی بەرانبەرەكەی وسەرسوڕمان ولە خۆبایبوونی لەبەر سەركەوتنی بەسەر ئەو كەسانەدا كە ڕوبەڕوی بوەتەوە، لەڕیایش خۆی بۆ لانادری، چونكە مەبەستی زۆری ئەو كەسانە كە توشی ڕووبە ڕوبونەوە دەبن ئاگادار كردنەوەی خەڵكە بەسەركەوتنیان ودەست كردن بە سوپاسی وستایش كردنیان، بێگومان ئەوكەسە تەمەنی خۆی تەواو دەكات لە زانستێكدا كە یارمەتی ئەدا بۆ ڕووبەڕوو بونەوە كە سودی پێناگەیەنێت لە ڕۆژی دواییدا، وەك قسەی خۆش ونەستەق، وەڕیوایەت كراوە لە پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) كە فەرموویەتی: " أشد الناس عذابا يوم القيامة عالم لم ينفعه علمه " واتە : توندترین سزای كەسێ لە ڕۆژی دواییدا زانایەكە كە

زانیاریەکەی سودی پێنەگەیاندبێ {تەبەرانی لە الصغيرا دا (١٨٢/١-١٨٣) و هەیسەمی لە المجمع دا (١٨٥/١) ڕوایەتیان کردووە}.